هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (١٤) لە ٢٠١٩/٨/٧

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤) لە ٢٠١٩/٨/٧، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:** ڕاسپاردنی هەریەك لە بەڕێزان (وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزیری تەندروستی، وەزیری دارایی و ئابووری، و سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون) بۆ خەرجکردنی شایستەی دارایی ئەو کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتە شایستانەی کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خرانەڕوو.

**دووەم:** پێویستە کەمئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەت خۆی شایستە داراییەکەی وەربگرێت.

**سێیەم:** وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەردەوام دەبن لە ڕێکخستنەوەی شایستەی دارایی کەمئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەتەکان بە جۆرێك لە داهاتوودا لەسەر بنەمای ڕێژەی کەمئەندامی ئیمتیازات و شایستە داراییان بۆ دیاری بکرێت.

**چوارەم:** ڕاسپاردنی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ڕەچاوکردنی پێداویستی تایبەتیی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە نەخشە و دیزاینی بینا و باڵاخانەکان.

**پێنجەم:** وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران